کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:14 30-12-2006

## دوای لە سێدارەدانی سەدام کێشەکان دێنە کۆتایی؟ ... دیار کەمال چەرمەگا

راستە هەموومان بەلە سێدارەدانی سەدام ئاوێك کرا بە دڵماندا و زامی دایکە دڵ هەرڵقرچاوەکان تا رادەیەك سارێژ بوون، بەڵام ئەمە دوا وێستگەی ئەو توندو تیژی و کوشتن و برین و درز و شەقبونی ریزەکانی گەلی عێراق نیە.



بە بۆچونی من کێشەکان ئێستا لە هێلنجوو سەر هەڵدانداندان، ئێمەی کوردیش دورە پەرێز نین و بەشێکین لە عێراق، هەموو میللەتێك گەر یەکریزی تێدا نەبوو ئەوا پاشا گەردانی جێگەی سەروەریەکان دەگرێتەوە، خەڵکی ناوەراست و خواروو خۆیان سەریان بۆ دووبەرەکی و شەڕو ئاژاوە دەخوری ئنجا ئاگرە بنکای ئێرا ن و سوریاش بیێتە پاڵپشتیان، با ئێمە واقیعیانە بیر بکەینەوە ئەمەریکا لەسەرەتاوە ئامانجی ئەوەبوو ئاوێك برژی کە هەموو عێراقی تیا نقوم ببێت... نمونە:کاتی رژێمی بەغداد روخا ئەمەریکا دەرگای کردەوە بۆ خەڵکی تا دامودەزگاکانی حکومەت تالان بکەن تەنها پاراستنی وەزارەتی نەوتی گرتە ئەستۆی خۆی ئەمە وای کرد یەکەم هەنگاوی ئەمەریکا خەڵکی فیری دزی و تالانی کرد، دوای ئەوە بەناوی دیموکراتی و ئازادیەوە چەند جۆرە لایەن و حزب و تیرە دروست بوون کە بێمەبەست و ئامانج هاتنە ناو گۆرەپانی سیاسی عێراقیەوە، دوای ئەوە هەر زوو کۆنترۆڵی بیرەنەوتەکانی بەسرەی کرد و کەوتە نەوزەنکردنەوەو بەکارخستنی بۆریە نەوتەکان و جگە لەو رێگە تایبەتیانەی بە ئاو نەوت ئاودیو دەکرا، خۆ دەکرا وەك نیمچە کۆدەتایەکی سەربازی دەست بگیرێت بەسەر دامو دەزاگا کارگێری و سەربازیەکان ئنجا دەیانتوانی پیاوان و لایەنگرانی بەعس لە پلە و پایە لا ببات، نەوەك پەرت و بڵاوبن ببنە تیرۆرست خەڵکی بێتاوانی عێراق سەرببرن.

زۆربەی کەس رای وابوو دوای کوشتنی (زەرقاوی) توندو تیژی لە عێراق کەم دەبێتەوەو بگرە نامێنی کەچی رەوتی توندوتیژی هەر رۆیشت و دەڕوا، ئنجا لە سێدارەدانی سەدام هاتە گۆری ئەوەتا سەربوردەی سەدام بەدەستی ئەمەریکیەکان نوسرا (the game is finish)، حزب و لایەنەکان و هۆز و تیرە و عەشیرەتەکان ئەمانە هەموویان راو بۆچونی خۆیان هەیەوململانی بۆجێگیربوونی ئەو بیروبۆچونەیانە جا چاك بێت یان خراپ، ئنجا پاڵپشتی وڵاتی دراوسێکانمان و بۆ گەرم کردنی فتیلەی ئاگری دوبەرەکی و ناکۆکی بەینی ریزەکانی عێراق، لە لایەکی تریش کورد نازانی متمانە بە کی بکات وەکو تەختەی سەر ئاو لێهاتووە، بەکورتی رەوشی سیاسی و ئاسایشی عێراق سەقام گیر نابی تا سەرکردەکانی سیاسی عەرەب ئەو بیروبۆچونە تەسك و ژەنگاویانەی خۆیان فرێنەدەن و بە شێوازێکی تر بیرنەکەنەوە، ئێمەی کورد پێشتر دژی سەدامێك دەجانگایین و دوایش هەر لەگەڵ سەدامێك گفتوگۆو دانیشتنمان دەکرد ئێستا لەگەڵ چەند سەدامێك دانیشتن دەکەین و داوای مافی خۆمان دەکەین ئیتر چۆن دوای سەدام عێراق لە هەموو رویەکەوە دەبوژێتەوە لەکاتێکدا چەند سەدامێك لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا هەن دەمامکیان بەستووە دەست بەکارن.

diyar1979@yahoo. com